
# وریای دیاردەی نوێی تیرۆری شەخسیەت بین!



ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

من نوسەری ئەم بابەتە، لە دەسپێکەکانی مانگی ئەیاری ئەمساڵ نوسراوەیێکم بە ناوی هوشدار بە ئیمزای سروە 07.05.2007 لە ڕێگای ئێ مایلێکەوە بە ناونیشانی سروە2700 ئەت یاهوو نوقتە دێ ئێ (واتە یاهوی بەشی ئاڵمانی)پی گەیی کە داوای لێ کردبوم بۆی بڵاو بکەمەوە!! کاتێک کە نوسراوەکەم خوێندەوە زۆر بەلامەوە سەرنج ڕاکێش بو و ختمیە ناو شک و گومانێکی گەورەوە. لە گەڵ مەشکوک بونی ئەو شتانەی کە لە نوسراوەکەدا باس کرابون ئەم پرسیارانەش هاتنە زەینم کە باشە بۆ من بۆی بڵاو بکەمەوە؟ بۆ بۆخۆی بۆ ماڵپەڕەکانی نانێرێت؟ ڕەنگە ناردبێتی و کەس بڵاوی نەکردبێتەوە! ڕەنگە ئەم کەس یا کەسانە من بناسن و لەقەست یا بە عەمد بۆ منییان ناردبێت و دەیان پرسیاریتر هاتنە زێنمەوە!!

ئەوەی کە ئایا ئەو نوسراوە بۆ کەسانی تریش بێجگە لە من چوبێت یا خەیر، تا ئێستا هیچ زانیارییکم لەم بارەوە بە دەست نەگەیوە، بەڵام من بۆ خۆم دوای ماوەیێکی کورت بیر لی کردنەوە، و لە ترسی هەک کرانم لە لایەن ئەو کەسە یا ئەو کەسانەی کە ئەو بابەتەیان بۆ ناردبوم، هەر خێرا نوسراوەکەم بۆ ئارشیف کردن لای خۆم کردە فایلێکی پدف (pdf) و بە پەلە ئەوەی ئەو یا ئەوانم لە کۆمپیوتەرەکەم کوژاندەوە و خێرا کۆمپیوتەرەکەم بە دو سێ شێوەی دژی هەک و ویروس و ترۆجان و ئەمانە سکان کردەوە و ئەو ئادرەسی ئێ مایلەش کە نوسراوەکەی بۆ ناردبوم مەسدودم کرد کە ئیتر ئێ مایلی ئەوم بە دەست نەگاتەوە! دواتر بۆ پرس و ڕا گۆڕینەوە نوسراوەکەم بۆ چەند هاوڕێ و دۆستی خۆم نارد و بیر و بڕوای ئەوانیشم لە مەڕ ئەو بابەتە بیست. ئێستا دو مانگێک بە سەر ئەو نوسراوە مەڕموزەدا تێدەپەڕێت و هیچ شتێکی ئەوتۆی تر وەک ئیمایلی مەشکوک تا بە ئەمڕۆ بێجگە لە تەبلیغاتی نۆڕماڵم بە دەست نەگەیوە و سەرنجڕاکێشترین بەش ئەوەیە کە تا ئێستا لە لایەن ئەو کەسەوە یا ئەو کەسانەوە هەرگیز لێپرسینەوەم لی نەکراوەتەوە کە نوسراوەکەی یا نوسراوەکەیان چی بە سەر هاتوە. شایانی باسە تا ئێستاش لە سەر هیچ ماڵپەڕێکش ئەو نوسراوەم نەدیوە کە بڵاو بوبێتەوە!!

دو مانگ ڕاوەستام و لە نوسینی ئەم نوسراوەی کە ئێستا لە بەر دەستتاندایە خۆم بوارد، پێم وابو کە نابێت ئەم کارە بکەم و ڕەنگە بەم کارەم خزمەت بە دوژمن بکەم ، بەڵام ئیستا بەم ئاکامە گەیوم کە ئەگەر چی ناچارم نوسراوەکەی بە ناو سروە لە بەر خزمەت نەکردن بە دوژمن سانسۆر بکەم، بەڵام بیر و بۆچونی خۆم لەمەڕ ئەو نوسراوە دەردەبڕم!

ڕای من لە لایکەوە ئەوەیە کە نوسراوەکە لەوە ناچێت کە سروە یا خانمیک نوسیبێتی بەڵکو شێوە نوسینێکی زموختی پیاوانە یا تەنانەت چەند پیاوی و چەند نەفەری پێوە دیارە و لە گەڵ ئەوەشدا کە حەول دەدات من یا تەرەفی



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

بەرانبەری خۆی لە کردەوە تێرۆریستی و جاسوسیەکانی کۆماری ئیسلامی وریا کاتەوە، هاوکات بە خوێنەرەکەی خۆی دەڵێت کە ئاگادار بە کە کۆماری ئیسلامی زۆر لەوەی کە تۆ یا ئێوە پێتان وایە مەرموزتر و سیاسیتر و لە هەمو بوارەکاندا بە تەجروبەترە و بە هێزترە. و هاوکات لە هێزی نفوزی یا تەنزیماتی کۆماری ئیسلامی لە هەمو جیهان و بە تایبەت لە ناو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە و دەمانترسێنێت کە واز لە دژایەتی کۆماری ئیسلامی بێنین و بە دەردی خۆمان دابمرکێین! لە ئەساسدا دەردەکەویت کە ئەو هوشدارەی کە داویە، رو لە تاکە کەسەکانە و نەک ئاگا کردنەوەمان لە مەترسی کۆماری ئیسلامی!!

لە لایکیترەوە هێندێک زانیاری داوە کە زۆر لەوە دەچێت کە ڕاست بن و ڕەنگە وەک مەعلوماتی دژە جاسوسی و مەعلوماتی کۆن و سوتاو دەریان بڕیبێت بۆ ئەوەی کە زۆرێک لەو شتانەی کە ئەو نوسراوە باسی دەکات، جار و بار لیرە و لەویّ دەبیستریّن یا دەبینریّن. زۆر کەس و لەوانە منیش نوسەری ئەم بابەتە بە کردەوە لە چەند ساڵی ڕابردودا شایەدی هێندێک خراپکاری و گێرەشێوێنی ئەفراد بە تایبەت تێرۆر یا کیشی شەخسیەت لە دەرەوەی وڵات و لە ناو ئوپوزیسیوندا و بە تایبەت لە ناو کۆمەڵە مەدەنیەکاندا بوین کە مرۆڤ دەخاتە ناو شک و گومانەوە و بۆ جیاکردنەوەی ئینسانی دڵسۆز لە نا دڵسۆز، توش کێشەی دەکات و وا دەکات کە تۆ باوەڕت بە هێندێک کەس نەمێنێت و لێییان بە گومان بیت. هاوکات دیاردەیکی نوێش لە ئوروپا و تەنانەت وەک پەنابەری سیاسی پەیدا بون و نانی ئەو پەنابەرانە دەخۆن کە هەر ئێستاکە لە سەختترین شەرایەتدا لە مەرزی ئوردون و لە تورکیە گیریان کردوە و کەس ئاوڕیان لی ناداتەوە، کە بە ناوی دۆستایەتی و هاتو چۆی کەسایەتیە سیاسیەکان، دواتر تێرۆری شەخسیەتی ئەو کەسانە دەکەن و ئیمایلی بە ناو دۆستانی دوێنێیان دەپشکنن و بابەتەکانی بۆ ئەم و ئەو دەنێرن یا خۆ لەم کەس بۆ ئەو کەس دەپەڕن، واتە بە هەمو شێوەیک هێرشی بۆ دەبەن و تێرۆری شەخسیەتیان دەکەن و شەڕ دەفرۆشن و ئاژاوە دەنێنەوە و لەم ڕێکخراو بۆ ئەو ڕێکخراو دەگۆڕن و جەوی سیاسیان بە تەواوی تێکداوە! هاوکات و بە داخەوە ئەو قەیرانەی کە هەمو ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی گرتوتەوە، مەیدانیکی بەرینی بەوان داوە کە جەزبی ئەم یا ئەو ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسی ببن و لە ژێر ئاڵای ئەواندا هەم خۆیان بناسێنن و هەم درێژە بە مەئموریەتەکانیان بدەن و تەنانەت بە نوسینی شتی ناشیرین و بە دور لە عورفی نوسین لە سەر ماڵپەڕەکان، هەمو ئیعتیماد و سیقەیکیان لە ناو بردوە! کە دیارە هەر کەس و ڕێکخراوەیک بۆ خۆیان دەزانن کە چۆن ئەمنیەتی خۆیان یا ڕێکخراوەکەیان بپارێزێزن، بەڵام ئەوەی کە گرنگە لای من ئەمەیە کە نابێت بە هیچ شێوەیک ئیجازە بەن بەو کەسانە کە تێرۆری شەخسیەت لە ژێر ئاڵای ئەواندا بکریّت و دەسبەجێ گومان لەو کەسانە بکەن و تکایە بۆ دژایەتی یەکتر لەم کەسانە کەڵک وەرمەگرن، بەڵکو ڕەقیبەکانتان بە مەناقەشە و لیزانینی سیاسی و تاکتیکی دروستی سیاسی لە دەور خارج کەن، نەک بە کەڵک وەرگرتن لەم شیوە نادروستانە و لەم کەسانە کە کردەوەکانیان دیارن!!!

من هەر لێرەدا تکام ئەوەیە کە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ دەربڕینی بیر و بۆچونم لەمەڕ ئەم دیاردە نوی ناشیرینانە بە خراپ وەرنەگیرێت، بەڵکو بە هەمومان حەول بدەین کە دەستی کۆماری ئیسلامی لە جیهان و لە ناو ئوپوزیسیون کورت و بنبڕ کەینەوە و جەوێکی سیاسی بوروژێنینەوە. بە هیوای وریایی هەرچی زێدەتری ئۆپۆزیسیۆن و تاکی سیاسی!

15ی پوشپەڕی 2707



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com